# پەرلەمان وکەلەبچەی ڕۆژنامەنووسان

16/12/2007

Faraidun_73@hotmail.com
فەرەیدون حەمەڕەشید

چەندرۆژ پێش لە 10 ی دیسەمبەری2007 دا دەزگای چاپ وبلآوکردنەوەی جیهانی لەڤێننای پایتەختی نەمسا خەلآتی ئازادی نووسینی دا بەرۆژنامەنووسی ئەرمەنی( هەراند دێنک)سەرنووسەری هەفتەنامەی ئاگوس کە لەسەر نووسینی ووتارێک کەتایبەت بوو بەرەشەکوژی ئەرمەنەکان چەندمانگ پێش لە لەنزیک بارەگا هەفتەنامەی ئاگوس لەیەکێک لەشەقامەکانی ئەستەنبول تیرۆرکرا

لەکات وساتێکدا دەزگای ئازادی وچاپەمەنی جیهانی(هەراند دینک)ی رۆژنامەنووسی بە پەنجاو دووهەمین کەسی سیمبولی ئازادی جیهان ناوهێنا،پەرلەمانی کوردستانیش بەپێچەوانەوە بە بەهانەی ئاسایشی هەرێم وداب ونەریتەگشتیەکان یاسایەکی لاستیکی بەقازانجی دەسەلآتێکی لەرزۆک و نادیموکرات و پاشکەووتوتر لەکۆنەپارێزترین ڕژێماکانی ناوچەکە پەسەندکرد بۆتیرۆری ئازادی چاپ ورۆژنامەگەری لەهەرێمی کوردستان...

ڕۆژنامەنووسان ورۆشنبیران لەکوردستان هیچ کات ووتارێک و نووسینێکیان نەنووسیوە یاخوود هاتنەمەیدانێکیان دەرنەبریوە کە ئاسایشی هەرێم بخاتەمەترسییەوە..بەڵکووبەپێچەوانەوە ئەو ڕۆژنامە
نووسانەی کەدەسەلآت ئازادییان پێ رەوانابینێت وبەدژی ئاسایشی هەرێم ناویان دەبات هەمیشە ووتارەکانیان بۆئەوە بووە کەئاسایشی هەرێم و دەسەلآتەکەی لە لەق بوون و سەرگەردانی بپارێزێت.بەوەی

1-قسەو ووتاریان لەسەر ئەوەبووە کە چیتر نابێت پەرلەمانێک بەناوی نوێنەرایەتی گەلەوە ئاگاداری بودجەو سەروەت وسامانی وولآتێک نەبێت کەسەدەهاملیۆن دۆلارە و دەچێتەسەرکۆنتۆو ژمارەی بانکیسەرکردەو کەسانێکی نێو دوو حیزبی دەسەلآتداری وەک یەکێتی و پارتی
.

2- لەسەرداب ونەریتی گشتی رۆژنامەنووسان قسەورەخنەکانیان لەسەرئەوەبوە کەچیتر جەماوەری خەڵک سەرکردەو لێپرسراو و بەرپرسێکی حیزبی وحکومی ناوێت شەهوانی بێت،کەبەپێی نزیکترین ئامار لەژمارە 98 ی رۆژنامەی ئاوێنە پێمان دەڵێت 435 ژن لەلایەن بەرپرسەکانیانەوە دەست درێژی سێکسیان کراواتە سەر..

3-رەخنەکانی رۆژنامەنووسان لەسەرئەوەیە کە پەرلەمانی کوردستان لەهەڵبژاردنەکانی 1992/5/19 وەوە تا ئەمرۆ کراسی دیموکراسی دەکات بەبەری خۆیدا بەلآم کەسێکی لەسەر دۆسییەی گەندەڵی سیاسی،ئابووری، فایلی بەعسییەتی وئەنفال بانگ نەکردۆتە

ناوهۆڵی پەرلەمان بۆلێپرسینەوە. بەڵکوو لەهەرەمی حیزبەوە بڕیاروفەرمانەکانی بۆهاتووەو و ئەندامانی پەرلەمان ئەشهەدوبیلای بۆکردووە..

قسەو ئەرکی ڕۆژنامەنووسان ئەوە نیە کەئاسایشی هەرێم بخاتەمەترسییەوە بەڵکو قسەوڕەخنەکان لەسەر ئەوەیەکە کەخەڵکی کوردستان لەدەست بێ کارەبایی و بێ سووتەمەنی دەناڵێنێت،کێشەی لەشکرکێشی وولآتانی دراوسێ و مادەی 140ی هەیە بەڵام پەرلەمانی کوردستان وەک ئەوەی پەرلەمانی وولآتێکی ئەوروپایی بێت چەندهەفتەپێش قسەلەسەرقەدەغەکردنی جگەرەکێشان دەکات..وە پێچەوانەشەوە پێویستی بەکەشی ئازادی چاپ و ڕادەربڕین هەیە ئەم دێت کلیل و قفڵ لەدەمی ڕۆژنامەنووسان دەدات،،.

ئەمڕۆزیاتر لە پانزەساڵە کوردستان وەک دەوڵتێکی سەربەخۆ دەسەڵاتێکی کوردی بەڕێوەی دەبات هەرساڵەولەساڵی پێشووتر دەسەڵات زیاترو زیاتر کراس وبەرگی ئازادی و دیمۆکراسی بەخۆی دا دەکات،تائەوئاستەی زۆربەی نووسەران ورۆژنامەنووسان بەخاوەنی ئەم ووتارەشەوە جاروبار بەرگری و پێداگریمان لەودیموکراسییەکردووەو بووینەتە بەشێک لە بانگەشەی درۆێنە بۆدیموکراسی ئیتر ئەوەش لەبەر سەرپێخستنی دیموکراسی بووبێت،یان لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجەکەبووبێت ،یان خوێن گەرمی بووبێت،یان بەرژەوەندییەتایبەتییەکان بووبێت..

سووربون وداکۆکیکاری دەسەلآت لەوپرۆژەی ناوپەرلەمان بۆکاری ڕۆژنامەگەری و نەگەڕانەوە بۆهەموارکردنی یاساکە بەڕووە ئازادییەکەی دا،، پرۆژەکە دەبێتە یاسایەکی کەلەپچەیی و دەکرێتە دەست و دەمی ئازادی نوسین وڕادەربڕین، بەمەش گەڕانەوەیەکی مەترسیدار دەبێت بۆهاوشێوە ڕاگەیاندنەکانی بەعس و وولآتانی کامپی سۆڤیەتی جاران،کەسەرکردەو سکرتێری حیزب بڵێ ماست ڕەشە هەمووان بەچپڵەڕێزان بڵێین ڕەشە بەخوا ڕەشە،،کەڕادێۆو تەلەفزێۆنەکانی حیزب بڵێ ئەوقسانە بۆحیزب خراپە دەبێت هەموومان بڵێین بەوقسانە سەرمان ئەێشێت و عاش حزب.. کەواتە پەرلەمانی کوردستان و هەموو ئەو ئەندام پەرلەمانانەی دەنگیان بە بەڵێ بە پرۆژەکە داوە دەبێت لەوە بگەن کەمەحاڵەلەمڕۆدا بەوشێوە مێژووخۆی دووبارەبکاتەوە چوونکەدووبارەبوونەوەی ئەومێژووەلەناوچەکەدا نقوم بوونی ئەوکەشتییەیە کەهەموومانی تێداین و ناوی کوردستانە..بۆیە پەسەنکردنی یاسایی ڕۆژنامەگەریی بەڕووەخنکاوییەکەی ناچێتەبواری کارپێکردن ,دەستگووشین بۆدەنگی ئەو پەرلەمانتارانەی لەدژی پرۆژەکە نەخێریان گووت تا ئەوپەرلەمانە خەوتووەپاسیفە کەمێک نووزە نووز بکات ..........